پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی کردووە لە فرۆشتنی بەرووبومەکان هەتاوەکو پێدەگەن. ووترا: پێدەگەن واتای چییە؟ فەرمووی: هەتا سوور دەبێت، چی دەکەن ئەگەر خودا بەرووبومەکانتان لێبگرێتەوە وپێتان نەبەخشێت، ئایا بۆچی یەکێکتان پارەی براکەی بۆ خۆی حەڵاڵ دەکات؟

لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی کردووە لە فرۆشتنی بەرووبومەکان هەتاوەکو پێدەگەن. ووترا: پێدەگەن واتای چییە؟ -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «هەتا سوور دەبێت، ئایا ئێوە چی دەکەن ئەگەر خودا بەرووبومەکانتان لێبگرێتەوە وپێتان نەبەخشێت، ئایا بۆچی یەکێکتان پارەی براکەی بۆ خۆی حەڵاڵ دەکات؟».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

بەرووبومەکان لەوەیە تووشی نەخۆشی یان کەموکورتی بن پێش ئەوەی پێبگەن، بۆیە لەم کاتەدا کڕینیان هیچ سوودێکی نابێت. بۆیە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی کردووە لە فرۆشیار وکڕیار لە فرۆشتن وکڕینیان هەتاوەکو پێدەکەن وچاکی بەرووبومەکە دیار دەبێت، وبۆ نمونە لە خورمادا دیارە کاتێک چاک دەبن وپێدەگەن ڕەنگیان سوور یان زەرد دەبێتەوە. پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هۆکاری قەدەغەکردنی بەرووبومی پێنەگەیشتووی ڕوونکردەوە؛ ئەگەر نەخۆشیەک یان هەر کەموکورتیەکی تر بێتە سەر بەرووبومەکە ئایا چۆن مسوڵمانێک پارەی برای مسوڵمانی (پارەی کڕیارەکە) بۆ خۆی حەڵاڵ دەکات، پارەکە دەبات بە بێ ئەوەی لە بەرامبەر هیچ سوودێکی حەڵاڵ بە بەرامبەر بگەیەنێت؟

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5851